
# ئەمریکا .... لە نێوان قەیران و تەنگەژەکانی شکستدا

**هۆشیاری عەبدولعەزیز**
hoshyarebdelaziz@yahoo.com



یەکێك لە خاڵە بنەڕەتیەکانی ستراتیژیەتی نوێی نیوکۆنسەرڤاتیڤەکانی ئەمریکا ئەوە بوو چۆن لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستی نوێ دا رۆڵی کاراو بەرچاو بگێڕن و لە کوێی هاوکێشەکانی ئەو ناوچە نوێیە دابن. چونکە ئەوان پێیان وابوو هەڵوەشاندنەوەی تالیبان لە ئەفغانستان و نەمانی بەعس لە عێراق بەشێوەیەك لە شێوەکان دەبێتە هۆکاری بەرجەستەکردنی دیموکراسیەت و پنت و بنەماکانی لە رۆژهەلاتی ناوین و هاوکات هەنگاوێکیش دەبێ بۆ سەرکەوتنی ئەو ستراتیژەی کە ئەوان کاری لەسەر دەکەن. بەلاّم ئەم تێڕوانینە هەرلەسەرەتاوە قۆقزی خۆی بەدەست خست و بە پێچەوانە بوە دەروازەی شەڕوکاولکاری و بەرهەمهێنانی توندوتیژی و تێرۆر، راستە وەك روکارو ئالۆگۆڕی دەسەلاّت دیموکراسیەت لەو دوجێگەیە هاتە ناساندن، بەلاّم بەدیوەکەیتریدا نیوکونسەرڤاتیڤەکان تووشی ئیشکالیەتی ئیدارەدانی ئەو ئالۆگۆڕە بوون و وەك چۆن بڕوایان وابوو دەبێ بەهێز ستڕۆکتۆری ئەو کلتورە بچەسپێنن. هەرئاواش پێیان وابوو دەبێ هێو ببێتە سەرچاوەی بەرهەم هێنانی ئارامی و ئاسایش . ئەمەش لە لێکدانەوەی گشتی دا بۆخۆی تێڕوانینێکی نالۆژیکی یەو لە بەرامبەریشدا هەلگری چەندین رەهەندی تایبەتەو پێویستی بە خوێندنەوەو راڤەی جیاواز هەیە. چونکە تا ئێستا سیاسەتی ستراتیژی ئەمریکا لە ناوچەکە لەبەردەم هەڕەشە و مەترسی دایەو نەیتوانیوە ببێتە ئەو ئەلتەرناتیڤە کاراو ئەکتیڤەی کە زۆر لە سیاسەتناسانی کۆشکی سپی لە سەرەتاکانی دەستپێکردنی پرۆسەکەدا ئاماژەیان پێ دەداو پێچەوانە توشی جۆرێك لە ئالۆزی و تەنگەژەی سیاسی هاتوەو رێگرە لەبەردەم ئەو پرۆسیسە سیاسی و ئابوریانەی کە ئەمریکا چاوی لەسەر بوو لە رۆژهەلاّتی ناوین ، واتا ئەمریکا لە بەکارهێنانی هێز و سەلماندنی داگیرکاری بەسەر عێراق و ناوچەکە کەوتە بەرحاڵەتێکی مەترسی داری وا کە توانای خۆگرتنەوەی لاوازبوەو ناتوانێ بە ئاسانی ئەو قەیرانە لە خۆی بتەکێنێ. دیارە بۆ رزگاربوون و کۆتایی پێهێنان و دورکەوتنەوەش لەو مەسەلەیە ئەمریکا کارلەسەر شێوازێکی نوێ لە گەیاندنی سیاسەتی ستراتیژیەتی خۆی دەکات و دەیەوێ لێرەوە ستراکتۆری ئەو قەیران و تەنگەژە سیاسی و سەربازیە بە دروست کردن و بەرجەستەکردنی قەیرانێکی نوێ تر پەردەپۆش کات و خۆی لەو ئالّسکانە دەربازکات . کە ئێستا لە عێراق و ناوچەکە دەرگێری بووەو توانای سەلماندنی پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی خودی دیموکراسیەتی نییە ، لەم دەرئنجامەشەوە ئەو پێناسە پۆتینیەی بەسەردا ساغ دەبێتەوە کە لەکاتی شەڕی عێراق و پرۆسەی روخاندنی بەعسدا خستیە روو. ڤلادیمیرپۆتین لەو سەروبەندەدا ئەوەی راگەیاند کە ئەوەی ئێستا نیوکۆنسەرڤاتیڤەکانی ئەمریکا کاری لەسەردەکەن کردنەوی دەرگایەکی تری شەڕە لەناوچەکەدا و پێدەچێ جۆرێك لە شکست و حالّەتی ترسناك بەرهەم بێنێ. یەکێك لە هۆکارەکانی شکستی ئەمریکاش بە بڕوای حزبی شیوعی عێراق لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە لەکارەساتی سێ شەمەی رەش و 11ی سێپتەمبەردا نیوکۆنسەرڤاتیڤەکان بە پشت بەستن بە سیاسەتی ستراتیژی خۆیان لە ناوچەکەو جیهان هەلّوێستێکی پرتاوی پەرچەکرداریان دەربڕی و جەنگی دژەتیرۆریان راگەیاند و پێیان وابوو کە نەبوونی پرۆسەی دیموکراسیەتە رۆژهەلاّتی ناوەڕاست بووەتە کانگای تیرۆرو رەشەکوژی و ئەگەر ئەمەریکا کە بەلای خۆیانەوە خاوەنی ئەزمون وتوانایەکی بابەتیانەیە لەگواستنەوەو تەفعیلکردنی دیموکراسیەتدا بیەوێ دەتوانێ ئەم کێشەیە لەبنەوە چارەسەر بکات و بەباشترین هەنگاویشیان دانا کە عێراق و ئەڤغانستان وەك دوو ولاّتی ناوچەکە بکەنە خاوەنی یەکەمین ئەزمونی پرۆسەی دیموکراسیەت ، دیارە ئەم پەلەکردنەش وەك ( د، هادی مەحمود) لە دیمانەیەکیدا ئاماژەی پێداوە ئاسەواری

کۆتایی هاتنی شەڕی ساردی پێوەدیارە ، ڕنگە هەر ئەمەشە وایی کردوە نیوکۆنسەرڤاتیڤەکان ستڕۆکتۆرەکانی بەرجەستەبونی ئەو شەڕەو هۆکارو فاکتەرەکانی پشت روداوەکەیان پەراوێز خستبێ و نەگەڕابێتنەوە بۆ سەرچاوەکانی سەرهەڵدانی ئەو روداوەو بە پێچەوانە وەك حاڵەتێکی سەرکەوتن بەهەرچوار لای دنیادا کەوتنە تەبلیغاتی بێسەرو بەرو زۆر لە نەیارانی سیاسەتی ستراتیژیان خستە میحوەری شەڕەوە، بێگومان ئەمەش لەکات و ساتی خۆیدا بیرکردنەوەیەکی نابابەتی و تەڵخاوی بوو. بەتایبەت ئەوکاتەی بۆش ڕێگەی ناوەڕاستی وەك نیوکۆنسەرڤاتیڤێك هەڵوەشاندەوەو رایگەیاند (ئەوەی لەگەڵمان نەبێ دژمانە) ئەمانەو زۆر لایەنی دیکە روکاری راستەقینەی ئەو شکست و قەیران و تەنگەژانەن کە ئەمریکا لەگەڵ خۆی هێنای و ناوچەکەی خستە میحوەری شەڕەوە، شەڕیش لەبنەڕەتدا پەیوەستە بە قەیران و تەنگەژەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەوەو ناکرێ واتێبگەین کە شەڕدەتوانێ دواجار خۆشی بەرهەم بێنێ وەك ئەوەی کە ئێستا لە عێراقدا دەبینین و بوەتە مەترسی دارترین دێوەزمەی ژیان لەنێوکۆی تەواوی کایە جیاجیاکانداو ئایندەی ئەم وڵاتەی ناشرین کردوە.

هەڵەی کوشندەو پڕ مەترسی شەڕو دەرئەنجامەکانی لەوەدایە کە پێت وابێ دوایی بەرهەم هێنانی کاولکاری دنیایەك لە جوانی دەخولقێ و گرفتەکان دەگەنە کۆتایی. هەرئەم تێڕوانینەشەوای کرد نیوکۆنسەرڤاتیڤەکان بگەنە ئەو بڕواییەی کە ئەوان دەتوانن بەم راگەیاندنەی شەڕو کۆتایی هێنانی تالیبان و روخاندنی سدام بەگەنە ئامانج و پێکانی ستراتیژی سیاسیان وهاوکات وایشیان راگەیاند کە ئەوان دەتوانن لەم ڕێگەیەوە عێراق بکەنە گۆڕەپانی یەکلایی کردنەوەی ململانیەکان و کۆکردنەوەی تیرۆرستان و ئەوانەی کە پاڵپشتی تیرۆرن ، دیارە لەم نێوانەشدا هەبوو ئاماژەی بەوە دەکرد کە ئەمریکا و ئەوانەی لێخوڕی ئەو پاترۆنەن لە ئایندە توشی شکست دەبن و ناتوانن سەرکەوتن بەدەست بێنن، وەك چۆن حزبی شیوعی کوردستان لە سەرەتای هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر عێراق ورووخاندنی رژێمی بەعس ودواتر پێکەوەنانی کانتۆناتی سیاسی وەك جێگرەوەی ئەو رژێمە ئاشکرایکرد کە پێکەوەنانی وەها سیستمێکی سیاسی کە پایەکانی لە سەر بنەمای تایەفەگەری ومەزهەبی بێ سیستمێکی ناتەندروست وناسروشتیەو دەبێتە هۆکاری راستەوخۆ بۆ بەردەوامیدان بە شەڕوئاژاوەو ناسەقامگیری سیاسی وکۆمەڵایەتی ودواجار کێشمەکێش وململانێ سیاسییەکان ئاراستەی تایەفەگەری ومەزهەبی دەگرنەبەرو لە خۆیاندا قەیران وتەنگەژە بەرهەمدێنن و ناتوانن ببنە هۆکاریی بەرجەستە بوونی سێستەمی دیموکراسی ، چونکە بەبڕوایی حیزبی شیوعی کوردستان دیموکراسیەت پرۆسەکانی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا شتێك نیە لە بازاڕیی سیاسەتدا بفرۆشرێ و دابەشکرێتەوە سەر کۆمەڵگادا و پێچەوانە دیموکراسیەت پرۆسەیەکی ئاڵۆزی ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتە و دەبێ بەر لە خستنە ڕووی درك بە پێداویستیەکانی بەرهەم هێنانی بکرێت وخورسکانە نەخرێتە کار ، ئەمەش بە خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی دیدوتێڕوانینەکانی گروپەکەی رامسفێڵدو خەلیلزادو ریچارد بیلێ کە هەر لە سەرەتای هەڕەشەکان بۆ سەر عێراق وناوچەکە دەردەکەوتن. چونکە نیوکۆنسەرڤاتیڤەکان لە یەکەم چرکەساتی دەست پێکردنیانەوە کاریان لەسەر ئەوە دەکرد کەچۆن لە ڕێگەی شەڕەوە دەستیان بەسەرمایە خاوەکانی ناوچەکە رادەگات و هاوکات دەتوانن لە نێوو پێکهاتەی ئەو روداو ئاڵوگۆڕانەدا پایەکانی سیاسەتی ستراتیژی خۆیان قایم کەن و بگەنە چڵەپۆپەی ئەو نەخشەیەی کە خستویانەتە بەردەست. ئەمە بەبێ گوێدانە ئەو لەمپەرو ڕێگریانەی کە دەشێ زۆرجار لەکاتی بەئەنجام گەیاندنی پرۆسەکەدا بێنە پێشەوە . ڕێك و راست وەك ئەوەی کە ئێستا عێراق و ناوچەکە هاتۆتە ئاراوە. ئەوان وایان لەیەك دەدایەوە کە بە کۆتایی هاتنی ئەو وڵاتانەی کەسەرەتا خرابونە میحوەری شەڕەوە مەسەلەکان لە مناڵدانی گۆڕانکاریەکاندا بنەبڕ دەبن و خۆبەخۆ دەتوێنەوە. ئەمەش لەواقعی لێکدانەوەدا تێڕوانینێکی نالۆژیکییەو ناکرێ بەبێ خوێندنەوەو راڤەکردنی روداو پێشهاتەکان کارلەسەر پنت و بنەماکانی ئەو توخمانە بکەین کە هەڵگری ڤایرۆسی تیرۆرن و بەشێکن لەو رەوتە توندڕەوانەی کە بەردەوام لە نێوکاژی خۆکوژیدان و خەڵك دەکوژن. لە ئێستادا و بەتایبەت لە عێراق مەسەلەی تیرۆرو رەشەکوژی و ناسەقامگیری دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری یەکێکە لە گەورەترین لەمپەرەکانی سەر رێی سیاسەتی ستراتیژی و بەرژەوەندخوازانەی نیوکۆنسەرڤاتیڤەکانی کۆشکی سپی و توشی شۆکی کردون. هەربۆیەشە . وەك سەرەتا ئاماژەم بۆ کرد ئێستا لە هەوڵی ئەوەدان چۆن بەقەیران و تەنگەژەیەکی تر لە ناوچەکەدا کێشمەکێش و ململانێ یەکانیان لە

عێراق داپۆشین و شکستی خۆیان بشارنەوە ئەویش لە رێگەی پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی نوێ و ئەو خاڵ بەندانەی کە پەیوەستن بە ئایندەی سیاسەتی ستراتیژیانەوە لەو بوقعە جوگرافیەی کە ئەوان لە ئێستادا کاری لەسەر دەکەن. دیارە لەسەرەتادا روخاندنی سیستەمی سیاسی دەسەڵاتداری ئەو دوو وڵاتەی ناومان هێنان بۆخۆی شۆکێکی سیاسی و ئەمنی بوو ئەمریکا بە ئێرانی گەیاند. بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا خراپبوونی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو دوو وڵاتە بوە هۆکاری بەرجەستەبوونی جۆرێك لە گیرۆدەبوونی ئەمریکا و هاوکارەکانی و لە بەرامبەریشدا دەرفەتێکی باشی رەخساند بۆ دەستیوەردانەکانی ئێران لە کاروباری عێراق و مۆتربە کردنی تۆوی تیرۆرو رەشەکوژی هەنگاوێکی کاریگەربوو لە دژی ئەمریکاو شێواندنی ئەو دۆخەی کە ئەمریکا ناوی لێ نابوو. هەنگاوی دیموکراسی و ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەشێوەیەکی بەرچاو ئەمریکاو نیوکۆنسەرڤاتیڤەکانی سەرقاڵکردوەو بوەتە هۆکاری شکست و ناشرینی سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا لەناوچەکە. درك پێکردنی ئەمریکاش بەمە گەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە چۆن بنەماکانی قەیرانێکی نوێ لەناوچەکەدا بخوڵقێ و ئێران سەرقاڵ کات بە دۆخی خۆیەوە. ئەگەرچی ئەم گریمانەیە تائێستا نارۆشنە. بەڵام گەر لە چوارچێوەی هەرەشەو ترساندنیشدا بمێنێتەوە بۆخۆی رەوتی روداو پێشهاتەکان دەگۆرێت و دەتوانێ ئاراستەکان بەلایەکی تردا بەرێ و بیکاتە هۆکاری خۆدورخستنەوە لەو شکست و دۆراندنەی کە ئێستا لە هەمووکات زیاتر هەستی پێ دەکرێ. بێگومان هەرپەلامارو هەرەشەیەکیش بۆ سەرئێران لەناوەرکدا پەیوەستە بەو شکست و تەنگەژە سیاسی و سەربازی و ئابوریەوە کە ئەمریکا لە ناوچەکە تێی کەوتوەو دەیەوێ خۆی بگرێتەوە. لەخۆ گرتنەوەشیدا ئەگەرئەمەریکا بەهەمان تێروانین کار لە سەر هەرەشەو گورەشەکانی بکات ئەوا جارێکی تر دەرگیری قەیران وتەنگەژەیەکی سیاسی تر دەبێ وناتوانێ سەرکەوێ، چونکە سەرکەوتن تەنها پەیوەست نییە بە چۆنێتی رووخاندن ولە ناوبردنی رژێمێکەوە ، بەڵکو سەرکەوتن لەوەدایە چۆن پێش رووخاندن توخم ورەگەزەکانی ئاڵوگۆری سیاسی ناوچەکە دەخوێنرێتەوەو چۆن ئامادەسازی بۆ ئاڵوگۆرەکان دەکرێ کە لە تابلۆی سیاسی ناوچەکەدا کۆمەڵێك قەیران وتەنگەژەی کوشندە لە ئارادان و لەمپەرن لە سەر رێی پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا ....